# بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا(٤)

نووسینی: تاهیر عەلیار

*[[ **ڕوونکردنەوە و داوا:** زنجیرەی نامە و دۆکومێنت، وەرگیراو لە کتێبەکانی مەحموود مەلا عیزەت، ڕەنگە لە لایەن ڕێزمان و شێوەی نووسین و بەکار هێنانی وشە، لە گەڵ زمانی کوردی سەردەمی ئێستا جیاواز بێ، هەروەها ڕەنگە سەرەڕای ڕوونکردنەوەکانی نووسەری کتێبەکە، پێویست بە زانیاریی و ڕوونکردنەوەی زۆرتر بێ. ئێمە ناتوانین دەست لە زمانی کتێبەکە وەربدین، بەڵام ئەگەر زانیاریی باوەڕپێکراو لە لایەن شارەزایانەوە سەبارەت بە بابەتەکانی ئەم زنجیرەیە بگاتە دەستمان، بە ناوی نووسەر و سەرچاوەکەیەوە، بڵاوی دەکەینەوە.]]*

*وێرای سپاس بەرپرسانی پرۆژەی بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا*

## دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان ، نامەو دوکۆمێنت(٦-٤)

### نامەی ئەحمەدخانی فاررووقی

هێزی دێموکراتی کورستان لکی بۆکان 13250221

فەرماندەهی موعەزەم هێزی بۆکان و مە نتە قە

دوێنیکە دوو نەفەرم نارده سەقز. لە قەرار ئیزهاری ئەوانە دوو سێ نەفەر سەر لەشکر هاتوونەسەقز سەر لەشکر ئەمجەدیان محاکەمە کردوە بە خیلاف دەستوور حەملەتان کردوە. ئەمجەدی وتوویەتی بە ئەمر سەرلەشکر هومایونی بوە. ئەلان هومایونی و ئەمجەدی و باقی ئەفسەری کە لێرەدا بوون لە تەحت محاکەمەدان. دوو نەفەر دۆست سەمیمی ئیزهاریان کردبوو موتابیق خەبەر رادیو کار کورد تەواو بوەو عەجەم عەقەب نشینی دەکەن . جهان بانی لەپاش محاکەمەی هومایونی و ئەمجەدی گەڕاوەتەوە بۆ سنە. لە قەرار ئیزهار ئەم دوو نەفەرە حەسەن خان کانی نیاز و عەلی خان قارەوا و حەبیەلاخان قاراوەلەسەقز گیراون. عیدەیەک ژاندارم دەڵێن هاتوونەسەقز فەقەت مەعلووم نیە. دوێنێ عیدەیەک سەرباز هاتوونەپشت باغ تەمۆتە.

معاون فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقە ئەحمەد فاررووقی

---

### نامەی محەمەد عەلی ئاغازادە 13250221 ئاڵتوونی سەروو

گەورەم جەنابی ئاغای حەمەرەشیدخان : عەرز و تەقدیم

دەستتان ماچ دەکەم و ئەحواڵی شەریفتان دەپرسم. ئێمەش باشین بەڵام گەورەم ئەو زوڵمەی کەمن لەدێی ئاڵتوون سەروو دەیکەم تا ئێستا عەجەم نەیکردوە. ئەگەر وایە فەرق لەبەینی من و ئەمنیە چیە؟ خۆزگەم بە ئەمنیە.

1. ئەم دێیە10 ماڵەچواریان دایکی هەتیون .
2. لەو رۆژە کەهاتوومە ئێرە ئەهالی ئێرە نەماست نەدۆیان خواردوە دیسان بەشی نیوەی قوەتم ناکا.
3. پیاوەکانیان یان نان بۆ پۆست دەبەن یان دار دەشکێنن یان لەدێ دا ئیشی تریان پێ دەکەم.
4. ژنەکانیان یان نان دروست دەکەن یان چێشت لێ دەنێن.
5. خانوەکانم خراپ کردن چەند ماڵ ئێستا بێ مەسکەن ماون .
6. گوێ درێژەکانیان دایم لەئیشن.
7. حەیوان یان نیە10 شەکم لێ ئەستاندوون.

8. هەر ماڵێک دەنەفەرم لێ داناوە. جێگای ساحەب ماڵ نیەلێی دانیشێ.

9. نوێنەکانیان داگیر کراون نوێنیان نیەخۆیان پێی بخەون.

10. مەنجەڵ و دیزەیان هەر لای ئێمەن. نیانەچێشتیان تێ دا بخۆن.

11. مەوجوودی ئێمە122 نەفەرە لە دێیەکی دەماڵیی هەژار . گەورەم وجدانم زۆر ناڕەحەتە حەتا نانیش بەراحەتی ناخۆم لە بەر ئاهوو ناڵەی ئەهالی پیرێژن و منداڵ و گەورەو چووکە. یانی ئەو ناڕەحەتیەی ئەهالی ئەم دێیە تێیدایە کەس تێیدانیە. ئەگەر هەر نەبێت ئەمر بفەرموون کەکاک مستەفا تەواو نەقڵی مەلقەرەنی بکات بەلکی 60 نەفەرێک لەسەیداوا تەئمین بکەم یان موساعەدە بفەرموون 60 نەفەرێک لەئاڵتوون خواروو دابنێم ئیتر چارێک نەفەرموون ئەهالی بەشەو دەکەونە کێوان و لەژێر ئەم زوڵمە رائەکەن.

بۆیەبەرەسمی عەرزم نەکردی چونکەنامەوێ کەس حسی ئەو زولمەبکا . ئیتر ئەمر ئەمری جەنابی عالیتانەگەورەم.(1)

بچووکی موخلستان محەمەد عەلی ئاغازادە.

روونکردنەوەلەلایەن مەحموود مەلا عێزەتەوە:

(1)ئەو نامەیەدەری دەخات کەوەهاب ئاغا سەرکردەی هێزی بارزانی لەئاڵتوونی سەروو محەمەد عەلی ئاغازادەیە.

---

**نامەی کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دێموکراتی کوردستان 13250222**

مهاباد کومیتەی مەرکەزی

جەناب ژنڕال مایوور محەمەدرەشیدخان.

لەسەر فەرمانی موبارەک ئیبلاغ دەکرێت هەر ئەسلەحەو تفەنگێکی لەئەتڕافی سەقزی لەرعایا ئەستێندراوە پێویستە فەورەن تەسلیم بەساحەبیان بکەنەوە زمنەن فەرموویان بەهیچ جۆرێک حەقی تەعەروزیان نیەنسبەت بەمیللەت.
کومیتەی مەرکەزی حیزب دێموکڕات کوردستان

---

**نامەی میرحاج 13250222 مەوزووع دامەزراندنی پۆست**

بۆ فەرماندەی هێزی مەنتەقەی بۆکان لەفەرماندەی لکی 2ی بارزانی.

1. بینا لەسەر ئەمری شفاهی کەفەرمووتان رۆژی 13250222من و ئامرچڵی 1، لکی 4 وەهاب ئاغا ئیستتلاعی مەنتەقەی کێوی سەقزمان کردو پۆستێک بەقوەتی یەک دەستەدەگەڵ موسەلسەلێکی خەفیف مان دامەزراند لەکێوی سەقز کەزۆر نیزوی هەموو دیفاعاتی دوژمنە لە سەقز و لەزیمن حەدی ئەسلەحەی گرانەوەکوو موسەلسەلی گران و تۆپ بەڵام زۆر مەحفووزەو تەعلیمات درا بەئامری پۆست کەجیگایان نهێنی بێ لەدوژمن . ئەو جێگایەزۆر بەنرخەبۆ تاکتیکی هوجووم و دیفاع خوسووسەن بۆ دیدوبان بۆ کەشفی حەرەکاتی دوژمن .

2. چونکەچڵی 2 هی لکی 4 نەگەیشتوەتا ئێستا هێزی لکی ئێمە(2) مساعەدەی چڵی 1 لکی 4 هی وەهاب ئاغا ئەکەین. بۆ محافە زەی جەبهەی.

سەرکردەی لکی 2 بارزانی

**درێژەی هەیە...**